# ئایا ڕێبوار ئەحمەد وازدەهێنێت لە ڕابەرایەتی حککع ؟!

**شێرزاد عمر**

7/21 ی ئه مساڵ 14 ساڵه حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عێراق دروست بووه و ڕێبوار ئه حمه د ڕێبه رو لیده رو سكرتێریه تی.

ئه گه ر به مێژووی هێزه چه په كانی كوردستان دا وورد بینه وه هیچ ڕیكخراوێک ئه وه نده ی حككع شكستی به سه ردا نه هاتووه. له سه ره تای دروست بونیه وه دوای كومه ڵێک یاری و فێڵی سیاسی توانرا ڕێبوار ئەحمەد بكرێت به سكرتێری ئه م حیزبه . هه رله و كاته وه كه سانێكی زور ناڕه زاییان هه بووه و ڕیزێک له كادران هه ر زوو سارد بوونه وه له خه باتی سیاسی.

پاشان كۆمه ڵێک له كادره به رجه سته و خه باتكاره كانی حیزب كه وتنه به رامبه ر ڕابه رایه تی ئه م حیزبه و فراكسیۆنیان ڕاگه یاند. جێگای باسه ئه ندامانی ئه م فراكسیۆنه زور به توندی و له ژیر فشارێكی زوردا حزب به ده ر كران.

دواتر نادر عبدالحمید به هۆی جیاوازی بیروڕاوه به شیوه یه كی ناكۆمۆنیستی و دوور له سونه تی كرێكاری و سۆشیالیستی له حزب ده ركرا هه ر به و هۆیه وه چه ندین كادرو ئه ندام له دانمارک وازیان هێنا له حیزب.

ڕێبوار ئه حمه د و جه ماعه ته كه ی دوای ئه م هه موو پاكسازیه نه بایان دی و نه باران.

له گه ڵ ده ركه وتنی اختلافات له ناو حزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیران له ناو حككعیش دا جیاوازی دیسانه وه دروست بوو.

هه رچه نده هه ولی زوریش درا تا جیاوازییه كان په رده پۆش بكرێن نه وه ک ئه ندامه ناڕازییه كان په یوه ست بن به فراكسیونی دان پیانه نراوی سه ر به خه تی حمید تقوایی. ئه مه و بیجگه له تیكشكاندنه كانی حككع له شه ری ڕوژانه یدا به رامبه ر ناسیۆنالیزم و هه روه ها به شداری چالاكانه ی له پرۆسه ی قلشت خستنه ناو بزوتنه وه ی كۆمۆنیستی و كرێكاری وچه ند پارچه كردنی ئه م بزوتنه وه یه . ئه مانه هه مووی نه بونه هۆی به خۆدا چونه وه ی ڕێبوار ئه حمه د و هاوڕ ییانی پێره وی.

تازه ترین اختلافات كه سه ری هه ڵداوه ڕاگه یاندنی ئاشكرای خه تێكی جیاوازه له ناو حككع و یه كێتی شوورا و نه قابه كرێكارییه كانی عێراق دا كه زور به جدی تعبیری له خۆی كردووه. ئه م جیاوازییانه له وه وه سه ری هه ڵداوه كه چه ند كه سێک له وازهینراوه كانی یه كیتی شوورا و نه قابه كریكارییه كان دوای ئه وه ی شكستیان هێناوه له مؤامره و كتله گه ری و فرت و فێڵ ده ستیان كردووه به به كارهێنانی سیاسه تێكی تر به پاڵپشتی ڕابه رایه تی ده سه ڵات داری ناو حككع ,ئه ویش له ژێر ناوی دڵسۆزی بۆ بزوتنه وه ی كرێكاری لیده ری حككع داوای یه كگرتنی وازهێنراوه كان و یه كێتی شوورا و نه قابه كریكارییه كان ده كات به مه رجی ئه وه ی كه یان ڕابه ریكی تر هه لبژیرن بۆ یه كێتیه كه یاخود هیئه یه كی 3 كه سی هه ڵبژێرن بو اداره ی یه كێتی شوورا و نه قابه كرێكارییه كان . ئایا كی هه یه له م كلاوه كۆنه تێ نه گات, كه لیده ری حككع به ته مایه بیكاته سه ری ڕابه رانی كریكاری. لیره دا خه تی نارازی و ئۆپۆزیسیونی له مێژینه ی ناو حككع زۆر به زویی ئه م جاره كه وته خۆو مؤید احمد له نوسراوێكدا ئه م سیاسه ته ی دایه به ر ره خنه ی توندو به م جۆره ته قاندنه وه ی جیاوازییه كان ئاشكرا بوو.

قه ڵه م به ده ستانی ده ربار به ڕاست و چه پ دا دیسانه وه كه وتنه نوسین و ئه یانه وێت ئه م بزوتنه وه نا ڕازییه ی ناو حككع و ده ره وه ی حككع وه ک جاره كانی تر بخنكینن. دیاره دواتر ئه گه ر تای ته رازووی هیز به لای به ره ی ئوپوزیسیون دا نه شكێت ئه وا ده كه ونه سیاسه تی تصفیه و یه ک یه ک و دوو دوو ئه م كادره چالاكانه ش به ده ردی ئه وانه ی پێشوو ده به ن.

**لیره دا برسیار ئه وه یه ئایا  که ی ڕیبوار ئه حمه د ئه گاته ئه و قه نا عه ته ی که ئه بیت له به رامبه ر ئه و هه موو شکست و تیکشکاندنانه دا استقاله بکات له لیده ری و بۆ هه میشه حککع له په تای لیده ری ڕزگاری بیت. به ڵام دیاره ئه گه ر خۆی دوایین ئه ندامی ئه م حیزبه بووه واز له کورسییه به ده سه ڵات نه گه یشتووه که ی ناهینیت.**

2007 /7/10